وەزارەتی گواستنەوە دەستپێکردنەوەی گەشتکانی عێراق و ماڵیزیا ڕادەگەیەنێت

ئەمڕۆ پێنجشەممە، وەزارەتی گواستنەوە دەستپێکردنەوەی گەشتکانی هێڵی گواستنەوەی نیشتمانی لە نێوان عێراق و ماڵیزیا ڕاگەیاند.

بەڕێوەبەری گشتی کۆمپانیای گشتی بۆ هێڵی ئاسمانی عێراقی مەنار عەبدولمونعیم لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: کۆمپانیای گشتی بۆ هێڵی ئاسمانی عێراقی دەستی بە یەکەم گەشتی ڕاستەوخۆ کرد لە فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی بەغداوە بۆ فڕۆکەخانەی نێودەوڵەتی کوالالامپور.

ئاماژەی بەوەشکرد: گەڕانەوەی ئەم هێڵە گرنگە بۆ کارکردن بەپێی ئەو پلانە بوو کە لایەن وەزیری گواستنەوە ڕەزاق محیبس سەعداوی سەرپەرشتی دەکرێت، کە بریتییە لە فراوانکردنی تێڵی شوێنکانی گەشتکردن لەناو هەڕێمی نیشتمانیدا ، و دابینکردنی بڕاردەی زیاتر بۆ گەشتیاران لە فڕۆکەخانەکانی عێراقەوە بۆ شوێنە جیاوازەکانی هەرێمی و نێودەوڵەتی.

ڕونیشیکردەوە: لە قۆناغی یەکەمدا هەفتانە یەک گەشت دەبێت، بەو هیوایەی ژمارەی گەشتکان دوو هێندە زیاد بکات.